کاك شێرکۆ بێکەس لە وتووویژێکدا دەڵێ: ‹‹ شیعری دابڕاو لە خەڵك لە پردی ڕوخاو ئەچێ ››. مامۆستا لەوێدا سەبارەت بە شیعر دواوە بەڵام ئەوە نەتەنیا لەشیعردا، لەهەموو دەقێکی ئەدەبیدا دەتوانێ خۆی بسەلمێنێ. کەواتە، ئێمەش ــ من و هاوڕێیانم ــ بۆ ئەوەی لەپردی ڕووخاو نەچین، ساڵێك ئەگەر ژمارەیەك دەربکەین لەو ژمارەیەدا:

١) هیچ وتارێك بە بێ ئەوەی کە خزمەتێك بە ئەدەب و زانست و کولتووری کورد بکا چاپ نابێ، تەنانەت شیعرێکی عیشق و عاشقی کە دەنووسرێ دەبێ گەڵایەك بە لقێکی ئەدەبی کوردو لقێك بە داری مێژووی لە مێژینەی(٣٠٠٠ساڵە) کۆمەڵگای کوردەواری بلکێنێ. یانی ئەوەی کە هیچ نانووسین مەگەر ئەوەی کە مەبەستێکمان هەبێ.

٢) لەتەواوی برایانی بەڕێز و خوشکانی ئازیز داوا دەکەین بەهەر شێوەیەك کە دەتوانن، یارمەتیمان بدەن ــ کەسانێك هەن کە شارەزایەتیان بەسەر زمانو ئەدەبی کوردیدا نیە بەڵام لە بەشەکانی دیکەی گۆڤاردا یارمەتیمان دەدەن کە ئێمە دەستی یارمەتی پتر لە پێش ئەو کەسانە درێژ دەکەینەوە ــ

٣) هەیە کەسانێك کە دەیانەوێ دیوارێك لەسەر ڕێگامان لابەن، بەڵام بە داخەوە نەتەنیا دیوارێك لانابەن، چوار دیوار لە دەورمان دەتەنن و لەو دیوی دیوار دادەنیشن و دەبینن کە نەتەنیا دیواریان لا نەبرد، تەنانەت درگایەکیشیان تێنەکرد.سەبارەت بەو کەسانە دەتوانین بڵێین :‹‹ مەی خۆرە نی و لەئێمە هاتوویە گەمەی.››

٤) هەر شیعر،پەخشان یان وتارێکتان هەبێ ئێمە ئامادەین بۆ لە چاپدانی بەو شەرتەی:

ــ خۆتان بزانن چیتان نووسیوە!

ــ خۆتان بزانن چیتان وەرگێڕاوە!

ــ شەو خەو نەبینن، بەو هیوایەی بەیانی لەچاپی دەن.

ــ لە نێو مەبەستە دیاری کراوەکانی ئێمەدا بگونجێ.

ئێمە هەموو ڕەخنە جوانەکەتان وەردەگرین و لەهەمان کاتدا ، چاوەڕوانی هەوڵەکانتان بۆ چارەسەر کردنی ئەم کەم وکووڕیانە هەین. ئەگەر جگە لەوەبێ، سەبارەت بە ڕەخنەکانتان ئەوەندەمان بۆ دەمێنێتەوە کە لە وەڵام دا بڵێین: ‹‹ ئەگەر هیچت لە دەس نایە، هیچیش مەڵێ››.

ئاکام گرینگ ژووانی قەڵەمەو کاغەز، کە لەوێدا پەپوولەی ماچ بەرەو قوتابخانەی ئەدەبی کوردی هەڵدەفڕێ و هەنبانەبۆرینەی ئەدەب و زانستمان پتر پڕلە وشەی جوان و ڕەسەن دەکا.

**سردبیر**